


# دابڕانێکی درێژخایەن

کەتان خادیمی

تەمەنم (١٥) ساڵان بوو، کەسەیری ئاوێنەم دەکرد شانازیم بەجوانی خۆمەوە دەکرد، وەک گەنجێکی نیشتەجێی دەرەوەی شار زۆربەی کاتەکان لەکاری کشتوکاڵیدا یارمەتی باوکم دەدا، دڵخۆشدەبووم کە گوێم لەخەڵک دەبوو پێیاندەوتم (ماشەڵا چەند جوانە، دەبێت بەکێ ڕازی بێت)، بەرلەوەی هیچ لەژیان بزانم ڕاستو چەپی خۆم لەیەک جیابکەمەوە سەرەتای گرفتەکانی من لەدوای شووکردنی خوشکەکەمەوە هات کە بەرێورەسمی ژنبەژن بڕیاریاندا، هەرچەندە تەمەنی من تەمەنی ژنهێنان نەبوو، بەڵام لەژێر فشاردا دەبوو ڕازی بم بۆئەوەی خوشکەکەم بچێتە سەرماڵو حاڵی خۆی، بەڵام کاتێ دەزگیرانەکەم بینی نەمدەزانی لەخۆشیدا چیبکەم، بۆ گەنج لەوە خۆشتر نیە وێنەی کەسێکی لەخەیاڵیدا کێشابێتو هەمان وێنە لەواقیعدا ببێتە دەزگیرانی.

هەرخێرا خۆشەویستیی خۆی لەدڵمدا جێگیرکرد، بڕیارمدا هیچ ڕۆژێک دڵی ئەم فریشتەیە نەڕەنجێنم، ئەویش بەهەمانشێوەی من سەرسام بوو بەمن، بڕیاریدا کە ببێتە ژنێکی سەلارو سەنگینو خەمی قورسی ڕۆژگارم لەگەڵ هەڵبگرێت، چل ڕۆژ پێکەوە لەماڵێکی پڕ لەخۆشەویستیدا ژیاین، هەستم دەکرد خودا بەهەشتێکی پێبەخشیوم کەلەگەڵ ئەم ژنە میهرەبانەدا دەژیم، هەردووکمان دڵخۆشبووین بە نۆماڵە خنجیلەکەمان، زۆر بەڵێنمان بەیەکتریدا، حەزمان دەکرد ڕۆحمان بۆ یەکتری بتوێنینەوە، ئێمە لەخەیاڵی جوانترکردنی ڕۆژەکانماندا بووین، بێئاگا لەقەدەر کە چی لەچارەنووسمان نووسیوە.

هەواڵێکی کتوپڕ کەپری هیواکانی شێواندین، کە زانیم باوکی هەردوو لامان شەڕو ناکۆکی کەوتە نێوانیان، لەئەنجامی ڕقو قینی خۆیان، بڕیاریاندا هەردوو بوکو زاوا لێکجیاببینەوە، لەبەرئەوەی هاوسەرگیریەکانمان ژنبەژن بوو، چەند ڕۆژێکی نەبرد لەناکاو چەند پیاوێک لەهەردوولاو مەلایەک، لەمەجلیسێکدا بڕیاری هەڵوەشانەوەی هەردوو هاوسەرگیریەکەیاندا، من هەردوو دەستی (سوهام)م توندتوند گرتبوون، چەند کەسێکیش وەک جەندرمە لەیەکیان جیاکردینەوە، سوهام لەگەڵ باوکو براکانیدا گەڕایەوەو خوشکەکەشم گەڕایەوە ماڵی باوکم، لەونێوەندەدا بەدڵی شکاوەوە بەدرێژای شەو گریام بۆ سوهام، ئەو کچەی کە سەدان وێنەی ڕەنگاوڕەنگم بۆ ژیان لەپاڵیدا کێشابوو، بەڵام من لەبەرئەوەی کە گەنجێک بووم پەیوەندیم بەخواو مزگەوتەوە هەبوو سەبرم گرتو داوای کۆمەکیم لەخوا کرد.

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا، لەڕووداوێکدا براگەورەکەم گیانی لەدەستدا کە باوکی چوار مناڵبوو، مردنی براکەم خەمێکی گەورەبوو بۆ من، بەڵام بڕیارێکی کتوپڕی باوکم مەرگی براکەمی لەبیربردمەوە، ئەو ڕۆژە باوکم بانگی کردم وتی: کوڕم گوێبگرە.. تابرازاکانت بێ سەرپەرشت نەبنو ماڵی براکەت کوێرنەبێتەوە، دەبێت براژنەکەت مارەبکەیتەوە، لەم بڕیارە زۆر تێکچووم، توڕەبوومو باوەڕم بەو قسەیە نەکرد... چی؟ کامە براژن؟ ئەو لەتەمەنی دایکمدایە، چۆن دەبێت بیکەمە خێزانم، قەت ناتوانم خۆشمبووێت، باوکم هەڵشاخا بەسەرماو وتی: یەک قسە نەکەیت تازە بڕیارێکەو داومە، خەمی برازاکانت پێش خۆت بخە، کوڕم دەبێت سەربەرزمان بکەیتو خەڵکی ڕەحمەتمان بۆبنێرن، سبەینێ مەلا دێتو کاری خێر تەواو دەبێت.

من تەمەنم تازە ببوو بەنۆزدە ساڵان، براژنەکەشم چل ساڵ دەبوو، دایکی چوار مناڵ بوو، هەمیشە شەڕواڵێکی پیاوانەی هەڵدەکێشاو قژە ئاڵۆزکاوەکانی لەژێر لەچکێکی چڵکنەوە دەرهاتبوون، بێئاگا لەهەستو سۆزی گەنجێک، ئەوەی نەیناسیبام وایدەزانی دایکمە. بەڵام لەبەر خاتری خواو منداڵە بێباوکەکانی براکەم، بڕیارمدا کە بەهەموو شتێک رازی بم، بەڵام هەمیشە دڵم وەک چۆلەکەیەکی بێلانە دەفڕیو یادی چاوە جوانەکانی سوهامم دەکردەوە، کە لەژووانێکی کۆندا یەکترمان ناسی، هەربۆیە کچی یەکەمم کە لەبراژنەکەم بووم ناوم نا (سوهام)، بەڵام تەمەنی شەش مانگ بوو وەک سوهامی خەیاڵەکانم مرد، پاشان کچێکی تریشم بوو ئەویشم ناونا سوهام.

پاش یازدە ساڵ بەسەربردنی ژیانی هاوسەریم لەگەڵ براژنەکەمدا، خوای گەورە پێنج مناڵی پێبەخشیم، تەمەنم سی ساڵ بوو، ئەرکی نۆ مناڵم لەئەستۆدابوو، براژنەکەم لەسەر پێنجەم منداڵ کە کچ بوو، گیانی سپارد، منیش تەنها خەمم بۆ مابووەوە، نەمدەزانی چۆن ئەم نۆمناڵە بەخێو بکەم کەیەکێکیان ساوابوو.

پاش ماوەی دوای مردنی خێزانەکەم، ڕۆژێک لەدێکەی خۆمانەوە چوومە دێکەی سوهام، تانزیکی زەرعاتەکەیان بوومەوە، لەدوورەوە وەک خەون بینیم، سوهامم بینی خەریکی دروێنەکردن بوو، کە هەروەک جاران ناسکو جوان بوو، چوومە بەردەمی وەستامو سڵاوم لێکرد، من زمانم تەتەڵەی دەکرد، نەمدەزانی چی بڵێم، بەڵام ئەو منی نەناسیەوە، زانیم کە خەمی ڕۆژگار چۆن پیری کردووم، خۆمم پێناساندو ئەویش گەشایەوە، باسی ژیانی خۆمم بۆکرد، زانیم کە ئەویش دوای من شوویەکی تری کردووەو لەویش جیابووەتەوە، هەر ئەو ڕۆژە نەگەڕامەوە، چووم بۆماڵیانو بۆ جاری دووەم خوازبێنیم کرد، باوکی سەری ماچکردمو وتی پیرۆزت بێت.

ئێستا چەند ساڵێکە لەگەڵ سوهامدا ژیانێکی بەختەوەر بەسەردەبەین، لەسوهامیش سێ منالم هەیە، سوپاسی خوای گەورە دەکەم، کە بەرهەمی سەبرو خۆڕاگرییەکانمی هێنایەدی، ئێستا بانگدەکەم سوهام دوو سوهام دەڵێن بەڵێ، یەکیان هاوسەرە خۆشەویستەکەمو یەکیان سوهامی کچم کە لەخۆشەویستی ئەودا ناوم ناوە.



# شکۆی کۆچ

گەشبین

واساڵیادی کۆچی ئازیزو خۆشەویستامان لەم شەوەدا، بەهیوایەکی بەرزی پڕ لەنورو عیشقەوە کۆچی کرد... کۆچ بەرەو شارەکەی یەسریب... بەرەو دەسپێکی ژیانێکی پڕلەئیمان و خۆشەویستیو بۆ خوا ژیان... کۆچ بەرەو مەنزڵگای پڕ لەمیهرو ئاوێزان بوون لەگەڵ دنیایەکی پڕ ڕووناکی لەئاوازو پەیڤە جوانەکانی قورئان... کۆچە کۆچ... کۆچە لەپێناو خواو ئاین و بەرزڕاگرتنی ئاڵای ئیسلام، کۆچی بەجێهێشتنی خاکو خۆڵو نیشتمانو ئازیزان..

کۆچە بەرەو غەریبی و غوربەت... بەڵام ئەم غوربەتە پڕ لەنورو پڕ لەعیشقو پڕ لەدەنگی (الله اکبر)ی نێو مینبەری مزگەوتە. کۆچی دەنگە کپکراوەکانە... کۆچی دڵە پڕ حەسرەتەکان.. کۆچی فرمێسکە قەتیسکراوەکان... کۆچی جەهلو نەفامی...

ئیدی یەکەم ساتی ئاهی کپ کراوی نێو دڵە زیندووەکان دێتەدەرەوەو هەمووومان کۆچدەکەین... بەرەو وڵات دێین... هەمووومان لەپێشوازی تۆدا وەستاوین... دەست لەسەر سنگو ڕۆح فیدات بکەین... بەخێرهاتی ئەی ئازیزو خۆشەویستمان... ئەی نوری زەمینو گەورەی هەمووومان کۆچت پیرۆز...

ئێمە قوتابی تۆین، ئەی مامۆستای عیبادەتو ڕەوشت بەرزیو سەروەری فێرمان بکە... ڕێگەی خواویستیو بۆخوا ژیان... بیرمان بخەرەوە ئەوە چ نورێکە وەها دڵ شەیدایەو ئۆقرە ناگرێ... ڕۆحمان فیدات. فیدای ناوتو فیدای دینو ڕێبازەکەت ئەی سوپاسکراوی جیهان.

# هەواڵو چالاکی لقەکان



## * لقی سلێمانی:

-بەرواری٢٠٠٩/١٢/١١ وەفدێکی لقی سلێمانی یەکگرتوی خوشکان کەپێک هاتبوون لەبەرێزان (ڕووناک محەمەد، ڕووناک نوری، نەجات کەریم) ئەندامانی لق، بەشداریان کرد لەیادی (٥٧) ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) کە لە هۆڵی ڕۆشنبیری سازکرابوو.

## * لقی هەولێر:

-لقی هەولێری یەکگرتووی خوشکان هەستا بەسازدانی کۆڕێکی تایبەت بۆبەرێز (مامۆستا مەولود باوەمراد) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەژێرناونیشانی (ئەرکەکانمان بەرامبەرهەڵبژاردنی ئایندەی عێراق).

لەکۆڕەکەدا، بەرێزیان ئاماژەی بەگرنگی پرۆسەکە کردو لەژێر پرسیاری ئێمەچیمان لەپەرلەمان دەوێت وکەموکورتیەکانی کۆمەڵگەی لەڕوانگەی ئەرکی پەرلەمانەوە بۆخوشکان شیکردەوەو داوای لێکردن کەپێویستە بەها ئەخلاقیە گشتیەکان هاندەرو پاڵنەرمان بێت بۆبەشداری جدی لەپرۆسەکەدا.

لەبەشێکی تری کۆڕەکەدا ئاماژەی بەوەکرد کەئێمە دەمانەوێت چی لەم دەزگایەدا بێتەدی، چۆن خۆمان سازدەین بۆکاری دەستە جەمعی وپاراستنی گیانی فەریق ومەرجە پێویستەکانی کارابوون لەوپرۆسەیەدا.

- لەهۆڵی لقی هەولێری یەکگرتووی خوشکان، تیمی هۆشیارکردنەوەی وەزارەتی تەندروستی، هەستا بەسازدانی سیمینارێک سەبارەت بەهۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەنەخۆشی سەردەم کەناسراوە بەئەنفلۆزای بەراز.

تیایدا ئاماژەیان کرد بەوەی کەئەم نەخۆشیە زۆربەی وڵاتانی گرتوەتەوەو لەکوردستانیش چەند حاڵەتێک تۆمارکراوەو ژمارەیەکیش گیانیان لەدەستداوە.

هەروەها ئاماژەیان بەچۆنیەتی پەیدابوونی ئەم نەخۆشیە کردو نیشانەکانی دەرکەوتنی ورێگا چارەسەریەکانی خۆپاراستنیان بۆئامادەبوان ڕوون کردەوە.

جێی ئاماژەیە تیمی هۆشیارکردنەوەی وەزارەتی تەندروستی تیمێکی خۆبەخشەو دەگەڕێن بەسەر زۆربەی شوێنە ڕەسمی و ناڕەسمیەکانداو لەبەرنامەیاندایە کەبەسەر مزگەوتەکانیشدا بگەڕێن، تاوەکو خەڵکی لەم نەخۆشیە هۆشیار بکەنەوە.